# ئیماندار بە هۆی ڕەوشت جوانیەوە دەگاتە پلەی ئەو کەسەی کە بە زۆری نوێژ دەکات وڕۆژوو دەگرێت

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو: «ئیماندار بە هۆی ڕەوشت جوانیەوە دەگاتە پلەی ئەو کەسەی کە بە زۆری نوێژ دەکات وڕۆژوو دەگرێت».

[سەحیحە بە ئاماژەکانی تر] [(أبو داود وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆمان ڕوونەدەکاتەوە کە ڕەوشت جوانی خاوەکەی دەگەیەنێتە پلەی ئەو کەسەی بەردەوام ڕۆژوو دەگرێت وشەو نوێژ دەکات، وپوختەی ڕەوشت جوانی بریتیە لە: چاکەکار بوون، وقسەی جوان، وڕووخۆشی، وئازار نەدان وزیان لێنەدان، وئارامگرتن لەسەر ئازار وزیانگەیاندنی خەڵکی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5799